کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

# ناسیۆنالیزم و ئینتەرناسیۆنالیزم
# لە مەسەلەی رزگاری نیشتمانی دا!

ڕەوا

ئایاری ١٩٨٤

هەواڵنامەی کتێب

# ناسیونالیزم و ئینتەرناسیونالیزم

## لە مەسەلەی رزگاری نیشتمانی دا

یەکێکە لەو مەسەلانەی هەردەم جێی لێدوان و گفتوگۆ بوە لە نێوان هێزە سیاسیەکان بەگشتیو هێزو حیزب و ڕێکخراوە کۆمۆنیستی و مارکسی لینینیەکان بەتایبەتی ... بریتی بوە لە مەسەلە نیشتمانیو چینایەتی، نەتەوەییو ئینتەرناسیونالیەکان، واتە گرنگیو بایەخی ئەو مەسەلانەو پەیوەندی نێوانیان لەگەڵ جۆری ڕەفتارو هەڵوێست بەرامبەریان، هەروەها جۆری تێگەیشتن و شیکردنەوەی ئەو مەسەلانە لەپروسەی شۆڕشگێڕانەدا بەگشتیو لەشۆڕشی ڕزگاری نیشتمانیدا بە تایبەتی .

ئەوەی زیاتر مەبەستبێ لەم باسەدا، ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلانەیە لەقۆناغ و شۆڕشی رزگاری نیشتمانیدا، کە خەباتی گەلەکەشمان لەم قۆناغو شۆڕشەدایە.. ئەگەرچی ئەم جۆرە باسانە کلێشەی ئامادەکراوی نیە بۆ دیاری کردنی جۆری پەیوەندی نێوان نیشتمانیو چینایەتی، نەتەوەییو ئینتەرناسیونالی، لەبەرئەوەی ئەم جۆرە باسانە هەروا ئاسان نیەو پەیوەندی نێوان بابەتەکانی ئالۆزو تێکەڵە.. ووردبینی چاکی ئەوێ بۆ تێگەیشتنی ڕاستە لە پەیوەندییەکانی، لەهەمان کاتدا پێویستە بووترێ کە ئەو پەیوەندیانە بەگۆڕانی بارودۆخو گۆڕانی تەرازووی هێزەکان لەهەر قۆناغێکێ لەقۆناغەکانی گەشەکردنی پروسەی شۆڕشگێڕانەدا سروشتەکەی ئەگۆڕێ .

بەلام لەگەڵ ئەوانەشدا، لەکەلەپوری مارکسیزمدا، وەبەتایبەتی لەکەلەپوری لینینیزمدا زۆر نیشانەی ڕوون هەیە بۆ تێگەیشتنی سروشتی ئەو پەیوەندیانە لەشۆڕشی ڕزگاری نیشتمانی دژ بە داگیرکەران .

## سروشتی پەیوەندیەکان

دیاریکردنی سروشتی پەیوەندی نێوان مەسەلە نیشتمانیو چینایەتی، نەتەوەییو ئینتەرناسیونالیەکان، وەتێگەیشتنی ڕاست لەحەقیقەتی پەیوەندی ئەو بابەتانە، هەڵوێستی سیاسی ڕوون دیاری ئەکات بەرامبەر هەر مەسەلەیەکیان، واتە گرنگیو بایەخ پێدان یاخود بەکەم گرتن و پشتگوێ خستن سەبارەت بەهەر مەسەلەیەکیان دەورو تەئسیری لەسەر سەرجەم جوولانەوەی شۆڕشگێڕانە بەباش و خراپ ڕەنگ ئەداتەوە .

زۆر لەو لادانانەی هەندێ لەهێزە کۆمونیستەکان، لەوولاتانی کۆلۆنیو پاشکۆدا دووچاری هاتوون و کاری گەورەی کردۆتە سەر چالاکیو هەڵوێستەکانیانو بۆتە هۆیەکی گەورەی ژێرکەوتنیان ..

بریتی بووە لەوەی لایەنێکی مەسەلەکەیان کردۆتە قوربانی لایەنەکەی تر، بەو واتایەی بایەخدان بەلایەنی چینایەتی لەسەر حسابی لایەنی نیشتمانیو تێگەیشتنی میکانیکیانە بۆ جۆری ململانێ، وایان لە ململانێی نیشتمانی کردووە کەئەرکی بۆرژوازیەت بێو ململانێی چینایەتیان لەئەستۆی چینی کرێکار داناوە.. ئەم جۆرە تێگەیشتنە چەوتە ئەو پارتانەی بەرەو لادانی هەلپەرستانەی "چەپڕەو" بردوەو ئەو هێزە کۆمونیستانەی لە کۆمەلانی خەلکدا بڕیوەو وەک هێزی بچووکو بێ توانا ماونەتەوە.

لەهەمان کاتدا بایەخدان بەلایەنی نیشتمانی و بەکەم گرتنی لایەنی چینایەتیو سووک کردنی سروشتی چینایەتی هەلوێستی پارتی چینی کرێکار سەبارەت بەمەسەلەی نەتەوایەتی، ئەبێتە هۆی ئەوەی ئەو پارتە بەرەو هەلدێرو لادانی هەلپەرستانەی "راستڕەو"ی بەری و ئەو جیاوازیانەش وون بکرێت کە لەنێوان پارتێکی‌کرێکاری و باقی‌پارتە بۆرژوازیە نەتەوەییەکاندا هەیە.

لەکاتێکدا سروشتی پەیوەندییەکان، سروشتێکی‌دیالیکتیکیانەیەو پەیوەندییەکان پەیوەندی ئۆرگانیکە، کەخەباتی نیشتمانی شۆرشگێرانە ئەبەستێتەوە بەخەباتی چینایەتی هوشیارانەوە.. تێگەیشتنی ئەم پەیوەندییە دیالیکتیکیە یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی مارکسیست ـ لینینیستەکان لەشۆرشی رزگاری نیشتمانیدا.. پارتی چینی کرێکار کەبەڕاستی ئەو پەیوەندییە لەیەک نەپساوەی نێوان رزگاری هەموو نەتەوە لەچنگ دەسەلاتی بێگانەو داگیرکەر لەلایەک و، هێنانەدی بەرژەوەندییە مادییەکانی جەماوەری زەحمەتکێش و مسۆگەرکردنی رزگاری کۆمەلایەتی لەچنگ چەوسانەوە لەلایەکی ترەوە ئەنوێنێ، هەرگیز ناتوانێ بەدەوری پێشرەوانەی خۆی هەلسێو لەریزی پێشەوەی خەبات بجەنگێ، گەر بێتو بەچاکی سیاسەتو بەرنامەکەی لەسەر ئەساسی تێگەیشتنی سروشتی ئەو پەیوەندیانە دانەرێژێ و هەلوێستەکانیشی سەبارەت بەمەسەلە نیشتمانیو چینایەتیەکان لەسەر ئەو ئەساسە بینا نەکات.

پارتی چینی کرێکار لەخەباتو تێکۆشانیدا پێویستە هەردوو لایەنەکە لەئەستۆ بگرێ و هیچ لایەنێکیان بەکەم نەگرێ لەوی تریان. یاخود لایەنێکیان بەناکۆک و دژ بەئەوی تریان بداتە قەلەم.. چونکە مارکسیزم ـ لینینزم هەرگیز نەتەوەوچین،هوشیاری نیشتمانی و هوشیاری چینایەتی بەناکوک و دژ بەیەک دانانی.

## چۆن لە پەیوەندی نێوان چین و نەتەوە بگەین ؟

سەرەتا پێویستە لەو راستیە بگەین کەدابەش بوونی‌نەتەوە بەسەر چەند چین و توێژی کۆمەلایەتی جیاوازدا، ناکۆک نیە لەگەل حەقیقەتی بوونی نەتەوەدا.. لەبەرئەوەی ئەو بنچینەو خاسیەتانەی نەتەوە پێک ئەهێنن، وەک زمان و خاکی هاوبەش و ژیانی ئابووری هاوبەشو تایبەتمەندێتی نەفسیو رۆشنبیری و ...

سیفات و خاسیەتی هاوبەش سەبارەت بەهەموو چین و توێژە کۆمەلایەتیەکان کەنەتەوە پێکە ئەهێنن .. هەر بۆیە بوونی فرەچینی کۆمەلایەتی ناکۆکە بەیەکە، لەناو چوارچێوەی یەکە نەتەوەدا هەرگیز دژی ئەو راستیە نیە کەئەم نەتەوەیە وەکە کۆمەلێکی مرۆڤایەتی خاوەن تایبەتمەندێتی بوونی هەیە .

هەر لەم ڕووەوە سەبارەت بەبوونی بابەتیانەی نەتەوە، زۆر گرنگە هەست و هوشیاریەکە هەبێ سەبارەت بەنیشتمان ، واتە هوشیاری نیشتمانی لەبوونی شتێکی هاوبەش کەنەتەوە یەکە بخات بەهەموو چین و توێژە کۆمەلایەتیەکانیەوە، کەئەمەش خۆی لە هوشیاری نەتەوە بۆ خودی خۆی دا ئەبینێتەوە، واتە حەزو پێویستی ئەو نەتەوەیە، پێویستی مێژوویی ئەو نەتەوەیە بۆ ژیان لەسەر خاکێکی دیاریکراو، کەبیبەستێتەوە بەزمانی " دایکە " و لایەنی فەرهەنگی نیشتمان و هەستی نەتەوایەتی، بەو واتایەی کە هوشیاری نیشتمانی تەعبیر لەخواست و داواو ئامانج و بەرژەوەندیەکان ئەکات کەتایبەتە بەنەتەوە، لەهەمان کاتدا بەشێوەیەکە لەشێوەکان تایبەتە بەهەموو چین و توێژەکان کەنەتەوە پێکە ئەهێنن .

بەلام بوونی هوشیاری نیشتمانی، هەرگیز نابێتە هۆی وون کردنی سروشتی چینایەتی ئەو هەلوێستانەی هەر چینێکە ئەیگرێتە بەر بەرامبەر ئەو مەسەلانەی پەیوەندی بەنەتەوەوە هەیە ... چونکە هوشیاری نیشتمانی خۆی لەخۆی دا ئایدیۆلۆژیەتێکی تایبەت پێکە ناهێنێ، بەلکو بەشێکە لەهوشیاری کومەلایەتی، واتە بەشێکی هوشیاری چینایەتیە .. لەبەرئەوەی هوشیاری نیشمانی ئەچێتە خانەی ئایدیۆلۆژی هەر چینێکە لەچینەکان و بەش و لایەنێکی ئایدیۆلۆژی چینایەتی پێکە ئەهێنێ .

مارکسیزم ـ لینینیزم نەتەوە بەناکۆکە و دژی چین دانانێ .. هەروەها هەمان شت سەبارەت بەهوشیاری نیشتمانیو هوشیاری چینایەتی . چینە کۆمەلایەتیەکان، وەکە بۆرژوا و پرۆلیتاریا کەدوو چینی سەرەکی کۆمەلگای سەرمایەداری هەر نەتەوەیەکی دیاریکراون، لەدەرەوەی پایەی کۆمەلایەتیان لەپێکهێنانی نەتەوەکە یاخود بەسەربەخۆ لێی دەستنیشان ناکرێن .. هەر بۆیە دابەش بوونی کۆمەل بەسەر چەند چینێکە دا کار لەوە ناکات کەئەو چینانە لەیەکە نەتەوەدا کۆببنەوە، لەو روانگەیەوە کە هەر چینێکە کێشەو مەسەلەکانی نەتەوەکەی لەدیدو بۆچوونی چینایەتی خۆیەوە ئەبینێ و بەپێی بەرژەوەندی چینایەتی خوی چارەیان بو ئەدوزیتەوە .

جوولانەوەی نیشتمانی لەشۆرشی رزگاری نیشتمانیدا، لەبنچینەدا دیاردەو مەسەلەیەکی چینایەتیە .. جولانەوەی نیشتمانی بریتیە لەجولانەوەی هەموو چینە کۆمەلایەتیەکان کەبەرژەوەندیەکانیان بەبوون و مانەوەی دەسەلاتی داگیرکەرانە ئەکەوێتە مەترسیەوە، واتە ئەم جولانەوەیە لەسەر بنچینەی ئەو ناکۆکیە ئابوریانە پێکە دێ کەئەو چینانە ئەخاتە بەردەم ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەل دەسەلاتی داگیرکەران دا .

بەشداربوونی چینە کۆمەلایەتیە جیاوازەکان لەجوولانەوەی

نیشتمانیدا، هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ کەبەرژەوەندی و ئامانجی ئەو چینانە چوون یەکە.. لەبەرئەوەی هەر چینەو بەپێی ئەو ناکۆکییەی ئەچێتە ژێر رکێفیەوە بەهۆی دەسەلاتی داگیرکەرانەوە، وە بەپێی پایەی کۆمەلایەتی لەنا و کۆمەڵ دا بەشداری جولانەوەی نیشتمانی ئەکات.

هەر لێرەشەوە دەوری هەر چینێک لەنا و جولانەوەکەدا لەگەڵ دەوری باقی چینەکاندا جیاواز ئەبێ، ئاساییشە کەهەردەم لەلایەن چینێک و بیروباوەڕەکەیەوە رابەرایەتی جولانەوەی نیشتمانی ئەکرێت ــ تەنانەت لەسایەی بوونی یەکێتیەکی نیشتمانیو هاوپەیمانیەتیەکی نیشتمانی ــ ، بەجۆرێ کەدەوری سەرەکی ئەبینێ لەدیاریکردنی بەرنامەو بۆچوونەکانی جولانەوەکە بەگشتیو، بەرێوەبردنی ئەو جولانەوەیە بەجۆرێ کە لەگەڵ بەرژەوەندییە چینایەتیەکانیدا یەک بگرێتەوە.

بێگومان لەم روەشەوە، زۆر گرنگە چینی کرێکار خەباتەکەی بۆ ئەوەبێ کەرابەرایەتی کردنی جولانەوەی نیشتمانی مسۆگەر بکات، بەجۆرێ کەببێتە چینی سەرکردە لەخەباتی نەتەوایەتیدا.

چینی کرێکار، هەروەک لینین ئەلێ: (( پێک نایەت و بەهێزوکامڵ نابێ هەتا خۆی لەچوارچێوەی نەتەوەکەدا رێک نەخات و نەبێتە چینێکی نەتەوەیی، بەلام هەرگیز بەمانای بۆرژوازیانەی ووشەکەنا ))..[1] دیارە بوونی چینی کرێکار بە" چینێکی نەتەوەیی " وەیا خود " چینی سەرکردە لەخەباتی نەتەوایەتیدا ، ماناکەی زۆر روون و ئاشکرایە، کە لەبارودۆخی شۆرشی رزگاری نیشتمانیدا ، پێویستەلەسەر چینی کرێکار لەریزی هەرە پێشەوەی خەباتی رزگاری نیشتمانی بێت و چالاکانە دەوری پێشرەوانەی خۆی ببینێ بۆ سەرجەم جولانەوەی نیشتمانی.

## ناوەرۆکی مەسەلەی نەتەوایەتی
## لە وولاتانی کۆلۆنی و پاشکۆدا

پێش ئەوەی لەناوەرۆکی مەسەلەی نەتەوایەتی، لەوولاتانی کۆلونیو پاشکۆدا بدوێین، پێویستە دەست بۆ ئەولایەنە رابکێشین کەهیچ تێکەلیەک روونەدات سەبارەت بەتێگەیشتنمان بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی نەتەوە ستەمکارەکان و مەسەلەی نەتەوایەتی نەتەوە ستەمدیدەکان..

واتە زۆر گرنگە بەووردی لەحەقیقەتی مەسەلەی نەتەوایەتی وەک دیاردەیەکی کۆمەلایەتی دژ بەئیمپریالیزمو داگیرکەران لەوولاتانی کۆلونیو پاشکۆ بگەین.. لەگەڵ مەسەلەی نەتەوایەتی وەک ئایدیۆلۆژیەتێک کەبۆرژوازی (نیشتمانی) خۆی ئەکات بەساحێبیو

---

[1] ـ(لینین: مصادر الماركسيه الثلاثه واقسامها المكونه الثلاثه ـ دار التقدم ـ موسكو ص ٤٩ )

هەندێ جار بەرەو شۆڤینیەت و تاکڕەوی نەتەوایەتی ڕۆیشتوە .. کە لەهەمان کاتدا یەکێکە بووە لەهۆ سەرەکیەکان کە پاڵی بەکۆمۆنیستەکانی هەندێ وولاتی کۆلۆنیو پاشکۆوە ناوە، هەڵوێستی دوورە پەرێزی وەربگرن سەبارەت بەمەسەلەی نەتەوایەتیو دووچاری لادانی هەڵپەرستانەی " چەپڕەو " ببن .

هەڵوێستی لینین سەبارەت بەمەسەلەی نەتەوایەتی، بریتی بوو لەوەی هەردەم دووپاتی ئەوەی دەکردەوە کەمەبدەئی نەتەوەکان لەرووی مێژووییەوە کارێکی حەتمیە لەکۆمەڵگای بۆرژواری دا، وەپێویستە لەسەر مارکسیستەکان دان بەشەرعیەتی مێژووی جولانەوە نەتەوایەتیەکاندا بنێن، بەمەرجێک ((ئەم دان پیانانە نەبێتە پەرستن و ریزلێنان بۆ دەمارگیری نەتەوایەتی(...)، وە بەوردی بریتی بێت لەوەی پیشکەوتنخوازە لەو جولانەوانەدا، وەنەبێتە هۆی کوێرکردنی هوشیاری پرۆلیتاری بەعەقڵیەتی بۆرژوازی))[١].

هەروەها دووپاتی لەسەر ئەوەش ئەکردەوە، کەپێویستە بە تێروانینێکی مێژوویانەوە سەیری مەسەلەی نەتەوایەتی بکرێ و لەچوارچێوەی مێژوویی دیاریکراوی خۆیدا دابنرێ، پێش ئەوەی ئەو مەسەلەیە شیبکرێتەوەو هەڵوێست بەرامبەری وەربگیرێ .

تێروانینی مێژوو[ی]انە، ئەهمیەتی ئەو جیاوازیە پیشان ئەدا لەنیوان مەسەلەی نەتەوایەتی نەتەوە ستەمکارو ستەمدیدەکان .. لە ئەوروپادا، هەر لەوکاتەوە کەسەرمایەداری پێی نایە قوناغی ئیمپریالی یەوە، مەسەلەی نەتەوایەتی بوە عەقیدەیەکی کونەپەرستانە کە بورژوای مۆنوپۆل خۆی پێ ئەشاردەوە بەمەبەستی سەپاندنی دەسەلاتی نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەیەکی تردا، وە بەنیازی بەدەستهێنانی مەبەستە گلاوەکانیان و جێبەجێکردنی پیلانەکانیان.

بەلام لەوولاتانی کۆلۆنیو پاشکۆدا کەلەژێر چەپۆکی ئیمپریالیزمو دەسەلاتی داگیرکەراندان، مەسەلەی نەتەوایەتی ناوەرۆکێکی پێشکەوتنخوازانەو دیموکراتیانەی هەیە، جگە لەوەی گەشەکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی لەم جۆرە وولاتانەدا لەبارو دۆخێکدا بوە . کەگەشەکردنی سەرمایەداری تیایاندا گەشەکردنێکی لاوازو نسبیەو بەهۆی سەپاندنی نەخشەی ئیمپریالیزمو مانەوەی دەسەلاتی داگیرکەرانەوە، ڕەوتی گەشەکردنی ئابووری ئەم وولاتانە شێوێنراوەو بەشێوەی ئاسایی سەرمایەداری تیایاندا گەشەی نەکردوە .

سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن، سەرکەوتنێکی گەورەی سەرجەم جوولانەوەی رزگاری نیشتمانیو نەتەوایەتی بوو لەسەرتاسەری جیهاندا .. لەهەمان کاتدا جوولانەوەی رزگاری نیشتمانی وای لە مەسەلەی نەتەوایەتی کرد کەوەک تەییارێکی فیکری فراوانی ڕەگ و ریشە قوول ..اکوتاو لەناو کۆمەلانی خەلکی وولاتانی کۆلۆنی و پاشکۆدا خۆی بنرێنێ.. دیارە مەسەلەی نەتەوایەتیش وەک مەسەلەو دیاردەیەکی ،ۆمەلایەتی، ئایدیۆلۆژیەتێکی تایبەتنیە بەبۆرژوای

---

١- (لینین: فی القضیه القومیه، دار ابن الولید- ١٩٥٨- ص ٤٦)

(نیشتمانی) یاخود هیچ چینێکی تر، بەلکو تەعبیر لەخەباتی رزگاری نیشتمانی گەلانی چەوساوە ئەکات دژی ئیمپریالیزمو دەسەلاتی داگیرکەران .

بارودۆخی کۆلۆنیالیو زولمو ستەمی دەسەلاتی بێگانەو داگیرکەران، لاوازی بۆرژوای ناوخۆو زۆر هۆی تر، کارتێکردنی خۆیان لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی وولاتانی کۆلۆنیو پاشکۆ بەجێهێشتوەو سیفەتی دژایەتی کردنی دەسەلاتی داگیرکەرانە بۆتە سیفەتی سەرەکی ناساندنی مەسەلەی نەتەوایەتی لەم وولاتانەدا.. لەهەمان کاتدا سنوورێکی جیاکەرەوەی دروستکردوە لەگەل مەسەلەی نەتەوایەتی نەتەوە ستەمکارەکان.. گەلانی چەوساوەی ئەم وولاتانەی کردۆتە دۆستی راستەقینەی پرۆلیتاریای جیهان لەخەباتیاندا دژی رژێمی سەرمایەداری و لەپێناوی سەرخستن و بنیاتنانی سۆسیالیزم.. هەر بۆیە گەلالە بوونی مەسەلەی نەتەوایەتی لەم وولاتانەدا لەسەر ئەساسی دژایەتی دەسەلاتی ئیمپریالیزمو داگیرکەران ، دەوری کاریگەری بینیوە لەپتەوکردنی ناوەرۆکی دیموکراتیانەی مەسەلەی نەتەوایەتی نەتەوە چەوساوە ستەمدیدەکان .

لێرەشدا پێویستە چەند تێبینیەک بخرێتە روو سەبارەت بە بۆرژوای (نیشتمانی)، ئەگەرچی باسەکە تایبەت نیە بەوەی(ئایا بۆرژوای نیشتمانی کوردی هەیە، یان نا ؟!)، چونکە باسێکی وەها پێویستی بەلیکولینەوەی زانستیانە هەیە، دەربارەی سەرهەلدان و بوونی بورژوای " نیشتمانی " کوردی یاخود نەبوونی !

دیارە بوونی بۆرژوای (نیشتمانی) کوردی بەندە بەدامەزراندنی پیشەسازی نیشتمانی کوردی ، کەخاوەنداریتی لەلایەن کەسانەوە بێ نەوەک کەرتی گشتیو دەولەتی .. لەهەمان کاتدا بەرژەوەندیەکانیان دژو ناکۆک بێ لەگەلّ بەرژەوەندی ئیمپریالیزمو داگیرکەران دا ،، بەرهەمو پیشەسازییەکانیشیان جێگر (بدیل) بن بۆ بەرهەمی بیگانە، نەوەک تەواوکەری پیشەسازییەکانیان بێت، وەپێویستیەکانی بازاری ناوخۆ مسوگەر بکات... هتد، وە ئاخۆ ئەم کەرتەی بۆرژوازیەت لەهەلوێستی سیاسیدا نیشتمانیە! یاخود لەرووی ئابووریشەوە خاوەن بەرهەمو پیشەسازی نیشتمانین.. چونکە ئاشکرایە باری ئابووری دەستنیشانی ئیتجاهی سیاسی ئەکات.. بەلام باسەکە بۆ یەکلا کردنەوەی ئەم مەسەلەیە نییە، ئەوەی پێویستە لەبارەیەوە بوترێ ، ئەوەیە کەپێشکەوتنخوازی ئەم بۆرژوازیەتە دیاردەیەکی نسبیەو سنووردارە بەسنووری سروشتی کۆمەلایەتی ئەم چینەوە.. واتە بەشداربوونی لەجوولانەوەی رزگاری نیشتمانیدا و رادەی بەشدارییەکەی بەندە بەهەلوێستە چینایەتیە تایبەتیەکانیەوە.. هەتا ئەو کاتەی خەباتی رزگاری نیشتمانی دژ بەداگیرکەران لەگەلّ بەرژەوەندییەکانیدا ئەگونجێ ، چالاکانە بەشداری تیدا ئەکات .بەلام هەر کاتێک ئەم خەباتە سنووری ئامانجە چینایەتیەکانی بۆرژوازیەتی بری و چینی کرێکار بەرنامەی خۆی خستە روو بۆ کارکردنی لەپێناوی رابەرایەتی کردنی جولانەوەکەو هێنانەدی ئامانجەکانی جەماوەری کریکاران و رەنجدەران .. ئەو کات ئەوبۆرژوازیەتە (نیشتمانی)یە ئامادە ئەبێ واز لەخەباتی نیشتمانی بێنیو پەیوەندییەکانیشی

هەلاوگێر بکات و لەبەرەی دژ بەگەل دا بوەستێ .

وەنەبەرئەوەی بۆرژوای (نیشتمانی) لەوولاتانی کۆلۆنیویاشکۆدا سروشتێکی دوو لایەنەی هەیە .. لینین دووپاتی ئەوەی دەکردەوە ، کە هەلوێستی چینی کریکار دەربارەیان پێویستە، بریتی بی لەپشتیوانی کردنی کەس و ئیتجاهە پێشکەوتنخوازەکانی ناو بورژوای (نیشتمانی) و خەباتکردن دژی کەس و ئیتجاهە کۆنەپەرستەکانی .

((مادام بورژوای نەتەوەی ستەمدیدە خەبات دژی نەتەوەی ستەمکار ئەکات ، ئێمە هەمیشەو هەردەم ، لەهەموو زروفێکدا لەگەلیدایین ، وە لەسەرو عەزیمەت و پشتیوانی هەموو کەسێکیترەوە.. لەبەرئەوەی ئیمە دوژمنی هەرە سەرسەختی چەوسانەوین و بەراستی و مەردانەوە بەرەنگاری ئەبین .

هەر کاتێکیش بورژوای نەتەوەی ستەمدیدە لەپێناوی دەمارگیری نەتەوایەتی بورژوایانەی خۆی کاربکات ، ئێمە دژی ئەوەستین (١) ))

تێبینەکی تری گرنگ کەپێویستە لەم روەوە باسی لێوە بکرێت ، بریتییە لەوەی کەبورژوای (نیشتمانی) لەوولاتانیکۆلۆنیو پاشکۆدا هەولێکی بێپایان ئەدات بۆ کەلک وەرگرتن لەو نفوزە بەهێزەی مەسەلەی نەتەوایەتی هەیەتی لەنێو فراوانترین بەشی کۆمەلانی خەلکدا ، وەک مەسەلەو دیاردەیەکی کۆمەلایەتی دژ بەئیمپریالیزم و دەسەلاتی داگیرکەران .. هەر بۆیە وا مەسەلەی نەتەوایەتی پیشان ئەداو بەخەلکی ئەناسێنێ کەئایدیۆلۆژیەتیکی چینایەتی تایبەت بەخۆی بێت .

بەلام بەهۆی سروشتی دوو لایەنەی ئەم بۆرژوازیەتەوە ، بیرو بۆچوونی نەتەوایەتی وەک بیروبۆچوونی ناکۆک بەدەرکەوێ ، واتە ناوەروکێکی دیموکراتیو پێشکەوتوانەی ئەبێ ، کاتیک تەعبیر لە خەباتی کۆمەلانی خەلک ئەکات دژ بەدەسەلاتی داگیرکەران لەلایەک ، وە لەلایەکی ترەوە ناوەرۆکیکی کۆنەپەرستانەی ئەبێ ، کاتێک بەرەو ئیتجاهی شۆڤێنیانەو تاکرەوی نەتەوایەتیو " ئاشتی چینایەتی هەنگاو ئەنێو تەعبیری لێ ئەکات .

هەر لەم بارەیەوە ، زۆر گرنگە دەست بۆ ئەو لایەنە رابکێشین ، کە لەجولانەوەی رزگاری نیشتمانی وولاتانی رۆژهەلاتدا ، زۆرجار باسی یەکێتی ریزەکانی گەل و کۆکردنەوەی هێزوتواناکانوبەلاوەنانی ناکوکیەکان ئەکرێت لەیەکێتیەکی نیشتمانیدا ، کەکۆکەرەوەیەکی هاوبەشی نێوان چینە کۆمەلایەتیەکان بێت بۆ یەکخستنی خەبات دژی داگیرکەران .. ئەم بابەتە خۆی لەخۆیدا گرنگیو بایەخێکی گەورەی هەیە لە وولاتانی کۆلۆنیو پاشکۆداو مەودایەکی پێشکەوتوانەی بەخۆیەوە گرتووە ، بەتایبەتی کەپەیوەندییە نەتەوایەتیەکان لە کۆری خەباتی دژ بەداگیرکەران دا زیاتر قالٌ ئەبێو گەشە ئەکات ، بەو جۆرەی تەبیر لەسیادەتی نەتەوە ئەکات لەرووی سیاسی و ئابووری و حقوقیەوە دژی دەسەلاتی سەپێنراوی داگیرکەران ..

---

١-(لینین: المختارات ، حق الأمم في تقرير مصيرها ، دار التقدم — موسكو— ص ٢١٤ )

بەلام دووپاتکردن لەسەر ئەم راستیەو گرنگیو بایەخ نیشاندانی، هەرگیز نابێ لەبەرامبەر ئەم مەسەلەیەدا ڕای ڕوون و هەلوێستی دیاریکراو نەبێت.

واتە بەو رادەیەی ئاقاری خەبات لەرزگاری نیشتمانیەوە هەنگاو ئەنێ بەرەو خەباتی کۆمەلایەتی، بەو رادەیە بورژوای "نیشتمانی" پەنا ئەباتە بەر بەکارهێنان و کەلک وەرگرتن لەبیرو بۆچوونی نەتەوایەتی، بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی..

لەبەرئەوە مەسەلەکە کەپێشتر تەعبیری لەخواست و داوای هەموو نەتەوە ئەکرد لەخەباتدا دژی داگیرکەران بەگشتی.. ئەبێتە مەسەلەیەکی کۆنەپەرستانە کەداوای "ئاشتی چینایەتی" و "هاوکاری چینایەتی" بکات، بەمەبەستی رێگرتن لەبەردەم جەماوەری زەحمەتکێش بۆ دەرباز بوون لەکۆتی بەکارهێنانی نامەشروعو چەوسانەوە، وە بەمەبەستی درێژەپێدان بەدەسەلاتی چینە بورژوازییە چەوسێنەرەکان لەناو کۆمەلدا.

## پەیوەندی دیالێکتیکیانەی
## ئەرکەکانی ڕزگاری کۆمەلایەتی بەئەرکەکانی رزگاری نیشتمانیەوە

سەرەتا پێویستە دەست بۆ ئەو راستیە رابکێشین، کەجولانەوەی رزگاری نیشتمانی لەناو جولانەوەیەکی فراوانترەوە سەرهەلئەداو بەدەرئەکەوێ، کەئەویش جوولانەوەی ململانێی چینایەتی‌یە لەسەر زەمینەیەکی نەتەوایەتی.. چونکە ئیمکان نیە ململانێی چینایەتی لەدەرەوەی چوارچێوەی واقیعدا بوونی هەبێ.

چین و توێژی کۆمەلایەتی جیاوازی کۆمەلگایەکی فرەچین، ململانێی چینایەتی ئەهێنێتە کایەوە، لەوولاتانی کۆلۆنی و پاشکۆدا ململانێی نیشتمانی لەگەل ململانێی چینایەتی‌دا جووت نابێ، بەلام لەهەمان کاتدا لەسەر دوو خەتی هاوشان بەیەک نارۆن و بەیەک نەگەن.. لەبەرئەوەی ململانێی نیشتمانی خۆی لەخۆیدا ناوەرۆکێکی چینایەتی هەیە، لەشۆرشی رزگاری نیشتمانی‌دا ململانێی نیشتمانی لەلایەک نی‌یەو ململانێی چینایەتیش لەلایەکی تر، بەلکو یەک ململانێ هەیە، کەبریتیە لەململانێی نیشتمانی وەک شێوەیەک لەشێوەکانی ململانێی چینایەتی، چونکە ئاشکرایە ئازاردان و خەباتی نەتەوایەتی بەشێکی دانەبراون لەچەوسانەوەو خەباتی چینایەتی.

هەروەک پێشتریش باسمان لێکرد، ئەو لادانە هەلپەرستە "چەپرەو" انەی هەندێ لەحیزبە کۆمۆنیستەکانی وولاتانی کۆلۆنی و پاشکۆ دووچاری هاتوون، لەوەوە بووە کەبەشێوەیەکی میکانیکی سەیری ئەم مەسەلەیەیان کردوە، بەتایبەتی کەوایان داناوە خەباتو ململانێی نیشتمانی ئەرکی بورژوازیەت بێو خەبات و ململانێی چینایەتیش لەئەستۆی چینی کرێکار بێت.. ووردبوونەوەیەک لەتاقیکردنەوەی ژیان و ئەو دەرسو پەندانەی بەدەست کەوتوون لەهەلەی زۆرلەوحیزب و هێزانە سەبارەت بەم مەسەلەیە، ئەو

راستیەیان سەلماندوە کەتا چ رادەیەکە ئەو جورە بۆچوونە چەوتو رەرەرمەندە.. چونکە چینی کرێکار ئیمکان نیە بتوانێ گۆڕانی کۆمەلایەتی بنەڕەتی بۆ دامەزراندن و بنیاتنانی سۆسیالیزم بەدەست بهێنێ، هەتا سەربەخۆیی نیشتمان مسۆگەر نەکات و خەلکی نیشتمانەکەی ئازاد نەبن لەژێر چەپۆکی داگیرکردن .

دەربازبوونی کۆمەلانی خەلک لەژێر چەپۆکی دەسەلاتی داگیرکەران و سەربەخۆیی نیشتمان پێویستیەکی سەرەتاییە بۆ گۆڕانی بنەڕەتیو رزگاری کۆمەلایەتی .. هەر بۆیە خەباتکردنی چینیکرێکار لەپێناوی رزگاری نیشتماندا زەمینە خۆشکردنە بۆ بنیاتنانی سۆسیالیزم .. جگە لەوەی چینی کرێکار ناتوانێ بالادەست بێ و دەسەلاتی خۆی دابمەزرێنێ، تەنها لەوولاتێکدا نەبێ کە لەپەیوەندی پاشکۆیەتی رزگاری بوێ و دەسەلاتی داگیرکەرانەی نەهێشتبێ . هەروەها بەشداربوونی چینی کرێکارو هاوپەیمانەکانی لەجولانەوەی رزگاری نیشتمانیدا، قوتابخانەو تاقیکردنەوەی بەسوودە بۆ زیاتر خۆسازدان بۆ شەرە چینایەتیەکانی داهاتوو .

لینین زۆرجار گالتەی بەو کەسانە کردوە، کەداوای شۆرشێکی کۆمەلایەتی پوختی (خالص)یان کردووە، هەردەم ئەو راستیەی رۆشن کردوۆتەوە، کەشۆرشی کۆمەلایەتی ئیمکان نیە روو بدات: (( بەبێ ئەو راپەرینانەی نەتەوە بچووکەکان لەوولاتە کولونیەکان و ئەوروپادا بەرپای ئەکەن ، بەبێ تەقینەوەی شۆرشگێرانە . کەبەشێکی بورژوای بچووک ، سەرەرای هەموو خەوخەیال و بۆچوونە چەوتەکانیان پێی هەلئەستن .. بەبێ جوولانەوەیەک کەجەماوەری پرۆلیتاری و نیمچە پرۆلیتاری ناهوشیار زیندووی ئەکەنەوە، دژی چەوسانەوەی دەرەبەگایەتیو ئەکلیرۆسیو پاشایەتیو نەتەوایەتی(...)،وەئەوەی چاوەری ی شورشێکی کۆمەلایەتی پوخت بێت، هەرگیز نایبینێو،کەسێکی شۆرشگێرە بەقسەو،نازانێ شۆرشی راستەقینە چیە )) [1] .

خەباتکردن لەپێناوی رزگاری نیشتمانی، لەواقیعدا بەشێکی دانەبراوە لەمەسەلە گشتیەکە، مەسەلەی نەهێشتنی زولمو ستەمو چەوسانەوە، مەسەلەی دەربازبوونی جەماوەری زەحمەتکێش لەرووی کۆمەلایەتیەوە.. لەهەمان کاتدا گەیشتن بەمافی چارەنووس بۆ هەموو نەتەوە دەوری کاریگەر ئەبینێ لەمسۆگەرکردنی سەربەستی رەنجدەران لەبڕیاردانی چارەنووسی خۆیاندا .

## دەوری مارکسیست ـ لینینیستەکان لەشۆرشی رزگاری نیشتمانی دا

یەکێک لەو مەسەلە گرنگانەی سیاسەتی هێزە مارکسیست ـ لینینیستەکانی پێ ئەناسرێ و هەلوێستەکانیانی پێ پێوانە ئەکرێ ،

---

١ـ(لینین:حرکە شعوب الشرق التحرریە ،خلاصە المناقشە حول حق الامم فی تقریر مصیرها ، دار التقدم موسکو ١٩٦٩ص ٢٧٥ـ٢٧٦ )

بریتیە لەوەی ئەو هێزانە چ بەرنامەیەکیان هەیە بۆ شۆرشی رزگاری نیشتمانیو چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی وەئاخۆ دەوری مارکسیست ـ لینینیستەکان لەو شۆرشەدا چۆنەو رادەی بەشداربونیان تێیدا چەندە..

پیشتر لەو پەیوەندییە ئۆرگانیکە دواین، کە مەسەلەی نیشتمانیو چینایەتیەکان بەیەکەوە گرێ ئەدات، بەتایبەتی لە شۆرشی رزگاری نیشتمانیدا، وەباسی ئەوەمان کرد کە مارکسیزم ـ لینینیزم هەرگیز مەسەلەی نەتەوە لەگەڵ چین، وەمەسەلەی هوشیاری نیشتمانی لەگەڵ هوشیاری چینایەتی بەناکۆکو دژ بەیەک دانانیو، چینی کریکار ناتوانێ ئەرکی مێژوویانەی خۆی بەچاکی ئەنجام بداو دەوری پێشرەوانەی خۆی ببینێ، هەتا نەبێتە چینی سەرکردە لەخەباتی نەتەوایەتیدا.

هەروەها ئەو لایەنەشمان روون کردەوە کەپێویستە جیاوازی بکرێت (بەتایبەتی لەوولاتانی کۆلۆنیو پاشکۆدا) لەنێوان مەسەلەی نەتەوایەتی، وەک مەسەلەو دیاردەیەکی کۆمەلایەتی، کەخۆی لە دژایەتی ئیمپریالیزمو دەسەلاتی داگیرکەراندا ئەنوێنێ، لەگەڵ مەسەلەی نەتەوایەتی، کەبورژوای (نیشتمانی) خۆی ئەکات بەساحێبی و بەئایدیۆلۆژیەتی چینایەتی خۆی دائەنێ، کە بەهۆی سروشتی دوو لایەنەی ئەم بورژوازیەتەوە مەسەلەکە هەم لایەنی ئیجابی هەیەو هەم لایەنی سەلبی.

بەلام ئاخۆ دەوری مارکسیست ـ لینینیستەکان لەشۆرشی رزگاری نیشتمانیدا ئەبێ چۆن بێ؟! لەم جۆرە وولاتانەدا، واتە وولاتانی کۆلۆنیو پاشکۆ، شۆرشی سوسیالیستیو دامەزراندنی سۆسیالیزم راستەوخۆ بەندە بەشۆرشی رزگاری نیشتمانییەوە.. ئەرکەکانی رزگاری کۆمەلایەتی بەستراوە بە بەجێهێنانی ئەرکەکانی رزگاری نیشتمانیەوە.

ئەرکی سەرەکی (م . ل)کان خەباتکردنە بۆ رابەرایەتی کردنی خەباتی نەتەوایەتی، واتە چینی کریکارو بیروباوەرەکەی سەرکردایەتی خەبات بکەن، لەو روانگەیەوە کەرابەرایەتی کردنی خەباتی نیشتمانی دژ بەداگیرکەران لەلایەن پرۆلیتاریاو حیزبە سیاسیەکەی بەوە ئەبێ کە لەریزی هەرە پێشەوەی خەبات بێو سەرکەوتنی لە گرتنە ئەستۆی ئەم ئەرکە مێژووییە زەمینەی لەبار خۆش ئەکات لەبەردەم شۆرشی کۆمەلایەتی، نەوەک خۆبەستنەوە بەهەوڕنینەوەی شعارات سەبارەت بەشۆرشی کۆمەلایەتی، لەکاتێکدا جەماوەری گەل لەژێر چەپۆکی دەسەلاتی داگیرکەراندا بێو لەژێر ئازاردانی نەتەوایەتیدا بنالێنێ.

حیزبی چینی کریکار ناتوانێ لەریزی پیشەوەی خەبات بجەنگێ و دەوری پێشرەوانەی ببینێ یاخود تەنانەت ئیدعای بکات، گەر بێتو بەفعلی حزبێکی پێشرەو نەبێت لەبواری تیۆری و مومارەسەدا لەیەک کاتدا.. دیارە ئەم مەسەلەیەش لەزروفی شۆرشی رزگاری نیشتمانیدا، بریتیە لەوەی کەئەو حیزبە توانای زانین و ناساندنی شێوەی ململانێی چینایەتی هەبێ لەناو ململانێی نیشتمانیدا، وەحیزبێک بێ دەست پێشکەر بێت بۆ تەرح کردنی بەرنامەی سیاسی خۆی کەبتوانێ جەماوەری گەل کۆبکاتەوەو رێکیان بخاتو، سەرکەوتوانە

هاوپەیمانێتیە پێویستەکان لەچوارچێوەی جولانەوەی نیشتمانیدا بەجێ بهێنێ.. کەئەمەش پێش هەموو شتێک وا پێویست ئەکا کە مارکسیست ـ لینینیستەکان لەهەموو شۆرشگێرەکانی تر سوورتر بن لەسەر دیفاع کردن لەمەسەلەی رزگاری گەل و سەربەخۆی نیشتمان .

نەهێشتنی زولم و ستەمی داگیرکەران ، بریتیە لەو ئەرکەی کەهەرگیز پرۆلیتاریا وەک هێزێکی دیموکراتی و شۆرشگێر ناتوانێ خۆی لێ بێ بەری بکات، بێ باک و بێ لایەن بێت بەرامبەری.. چونکە بەرژەوەندی گەورەی ململانێی چینایەتی پرۆلیتاریای تیایە ، کە ململانێی نەتەوایەتی بۆتە کۆسپ لەبەردەمیا .. واتە مانەوەی زولم و ستەمی داگیرکەران و مانەوەی ئازاردانی نەتەوایەتی، کۆسپی گەورەن لەبەردەم گەیشتنی پرۆلیتاریا بەئامانجی بنیاتنانی سۆسیالیزم و نەهێشتنی چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە ، هەر بۆیە ئەرکی سەرشانی پرۆلیتاریا و حیزبە سیاسیەکەیەتی کە لەهەموو کەس و لایەنێک پەرۆش تر بن بۆ رزگاری گەل و سەربەخۆیی نیشتمان .

هەڵەیەکی کوشندەیە ، هەر کەس و لایەنێک وا تێ بگات ، کە خەبات کردن لەپێناوی رزگاری نیشتمانیدا ، پرۆلیتاریا لەخەبات بۆ سەرکەوتنی شۆرشی سۆسیالیستی دوور ئەخاتەوە ، یاخود بەلاوەنانی ئەرکی سەرەکی پرۆلیتاریا بێ.. بەلکو پێویستە ئەو راستیە بخرێتە روو کە لەوولاتانی کۆلۆنی و پاشکۆدا ، مەسەلەی (بەرگری لەنیشتمان ) مەسەلەیەکی شەرعی و پێشکەوتنخوازانەیە ، مەسەلەی بەرگری کردنی گەلی بەش خوراو و ماف زەوت کراوە..

بەرگری لەنیشتمان " سەبارەت بەوولاتێکی ژێردەستە و گەلێکی چەوساوە دژی داگیرکەران ، هەرگیز " فێلی بورژوایانە " نیە ، لەسەر (م . ل)کانیش وا پێویستە پشتیوانی گەلانی چەوساوە بن لەبەرگری کردنیاندا دژی دەسەلات و پەلاماری داگیرکەران .

هەروەک لینین ئەلێ : (( مافی نەتەوەکان لەبریاردانی چارەنوسیاندا ،وەخەبات کردن لەپێناوی رزگاری نیشتمانی تەواودا، وەلەپێناوی سەربەخۆیی تەواو دژی لکاندن ، بریتین لەیەک شت.. وە لەتوانای سۆسیالیستەکاندا نیە ، ئەم جۆرە خەباتە رەت بکەنەوە لەهەر شیوەیەکدا بیت ـ بەراپەرین و جەنگیشەوە ـ بەبێ ئەوەی وایان لێ بکات کەسۆسیالیست نەبن)) ١.

واتە بەشداری (م . ل)کان و خەبات کردن دژی لکاندن و لەپیناوی مافی چارەنووس و رزگاری و سەربەخۆیی نیشتمانی تەواو ، لەو ئەرکانەیە کەناتوانن بێباک و دوورە پەرێزبن بەرامبەری،خەبات لەپێناوی ئەوەی کەچینی کریکار ببێتە چینی سەرکردە لەخەباتی نەتەوایەتیدا ، وە لەپێناوی ئەوەی کەمەسەلەی نەتەوایەتی بەرەو هەلدێری شۆڤێنیانە و تاک رەوی نەتەوایەتی نەروات... خەباتێکە لەوەدا سەرکەوتن بەدەست ئەهێنێ کەبەشداری چالاکانە لەشۆرشی رزگاری نیشتمانی بکەن ، لەهەمان کاتدا پاریزگاری سەربەخۆیی ریکخراوەیی و سیاسی و ئایدیۆلۆژی خۆیان بکەن و لەهەموو هێزو

---

١ (لە :مطارحات مارکسیە ،من منشورات الحزب الشیوعی الفلسطینی، بیروت ١٩٨٢، ص ١٧-١٨ وەرگیراوە )

لایەنە بورژوازی و نیشتمانپەروەرەکان کاریگەرترین . لەرووبەرووبوونەوەی دوژمنی داگیرکەر، بەجۆری دەور لەشورشی رزگاری نیشتمانیدا ببینن ، کە بەئاقاری بەجێهێنانی ئەرکەکانی رزگاری نیشتمانیو گوێزانەوە بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانی رزگاریکومەلایەتیو، بەخزمەتی بنیاتنانی سۆسیالیزم تەواو ببێ .

## ناسیۆنالیزم* و ئینتەرناسیۆنالیزم لەمەسەلەی رزگاری نیشتمانیدا

مەسەلەی رزگاری نیشتمانیو خەبات لەپێناویدا ، شوێنوجێگەیەکی ئێجگار بایەخداری هەیە لەفیکری مارکسیزم ـ لینینیزمدا و هەر لەدیدو بۆچوونەکانی فەلسەفەی چینی کرێکارەوە هۆ سەرەکیی و راستەقینەکانی ئازاردانی نەتەوایەتی روونکراوەتەوەوبەسترا وەتەوە بەمەسەلە گشتیەکەوە، بەمەسەلەی چەوسانەوەو ستەمی سەرمایەداری.

مارکسیزم ـ لینینیزم بەروونی هۆ سەرەکیەکانی ئازاردانی نەتەوایەتی دەستنیشان کردوەو چۆنیەتی لابردن و نەهێشتنی هۆکانی ئەو ئازاردانانەی دیاریکردوە، بەنەهێشتنی سەرچاوەی ئەو ئازاردانە کەبەهۆی چەوسانەوەی نەتەوەیەکێ بۆ نەتەوەیەکی ترو چەوسانەوەی گەلێکێ بۆ گەلێکی تر ها تۆتە کایەوە .. تاقیکردنەوەی شۆرشگێرانەی گەلانی دنیا لەقۆناغەکانی پێشووەوە هەتا ئێستا ، ئەو دەورە کاریگەرو بایەخدارەی جولانەوەی رزگاری نیشتمانی نیشانداوە، وەکێ بەشیکی کاریگەر لەجولانەوەی شۆرشی جیهانی .. ئەم پەیوەندییە ئۆرگانیکە بەهێزە، تەعبیر لەیەکێتی کاروئامانجی سەرجەم هێزە شۆرشگیرەکانی دنیا ئەکات لەبەرامبەر دوژمنی هاوبەشیاندا .

هەر بۆیە بەو رادەیەی گرنگیو بایەخ بەخەباتی گشتی سەرجەم هێزە شۆرشگیرەکانی دنیا ئەدرێت ، گرنگیو بایەخی خەباتی نیشتمانی نەتەوەیی ناسرێتەوەو لەچوارچێوەی مەسەلە گشتیەکەدا ناتوێنرێتەوە. لێرەشدا پێویستە بەچاکی لەو راستیە بگەین ، کەئەگەربەرژەوەندییە ئەساسیەکانی پرۆلیتاری دنیاو هەموو رەنجدەران هاوبەش بێتو سیفاتی گشتیو ئامانجە سەرەکیە هاوبەشەکانی خەباتکۆیان بکاتەوە، زۆر گرنگە بزانین کە لەواقیعدا ، ئەو بەرژەوەندییە ئەساسیانە ئەچیتە سنوری ئەو وولاتو نیشتمانانەوە، کە لە دابەشبونیکی جوگرافی دیاریکراو و لەبارودوخێکی مێژوویی هەستپێکسراودا خۆی ئەنوێنێ .. تەعبیری راستەوخۆی خەباتی هەر هێزێکی شۆرشگێر لەبنچینەدا لەو سنوورە نیشتمانیو نەتەوەییەدا بەدەرئەکەوێ ..

دیارە ئەرکی گشتی خەباتی هێزە شۆرشگێرەکانی دنیا ، وەجێبەجێ کردنی ئەو ئەرکەو بەجێهێنانی بەشێوەیەکی راستەوخو خۆی لە

* لە زمانە ئەوروپاییەکاندا ، ناسیۆنالست بۆ (نەتەوە پەرەست) بەکار ئەهێنن:
(پاتریوت) بو نیشتمانپەروەر .

زروفی نیشتمانی تایبەتدا ئەبینێتەوە، زروفیکێ کەتایبەتمەندێتی خوی هەبیو رەنگدانەوەی لەسەر هەر هیزیکێ هەبی بەتەنها .

لەبەرئەوە ئەو پەیوەندییە ئۆرگانیکەی نێوان ئەرکی گشتی (ئینتەرناسیونالی)و ئەرکی تایبەتیو تاکێ (ناسیونالیو نیشتمانی پێویست بەوە ئەکات زیرانە نەخشەکیشی شوێنەواری ئەو پەیوەندییە بکرێ و بخرێتە چوارچیوەی راستەقینەی خۆیەوە ، وە بەجۆرێکێ خزمەتی رەوتی هاوبەش و گشتی بکات .. بۆ ئەوەی ببێتە هۆی سرینەوەی خەباتی نیشتمانیو بەکەم گرتنی دەورو ئەهمیەتی .

جیاکردنەوەو لەیەکێ ترازاندنی مەسەلەی ناسیونالی لە ئینتەرناسیونالی، وە بەناکۆکێ دانانی بەرژەوەندیی نیشتمانیەکان لەگەڵ ئامانجە گشتیو هاوبەشەکانی هێزە شۆرشگێرەکان لەسەر ئاستی جیهان .. خۆی لەخۆیدا بەدووکەوتنی بیروبۆچوونی بورژواو دروشمە نەتەوایەتیەکانیەتی.. لەهەمان کاتدا ئینکارکردنی تایبەتمەندێتیو کەلەپوورو نەریتی بەتەوایەتیوهەستی نیشتمانی هەر گەلێکێ لەگەلان ، وەدانانی ئامانجە گشتی ئینتەرناسیونالیەکان بەناکۆکێ و دژی ئامانجە نیشتمانی نەتەوایەتیەکان ، شێوەیەکی تری هەلخلیسکانەبەرەوئایدیۆلۆژیەتی بورژوا ، بەرەو ئینکارکردن و سرینەوەی مەسەلەی نەتەوایەتی نیشتمانی (واتە کۆسمۆپۆلیتی)، کەئەمەش پێ لێنانە لەهەمو مەسەلەیەکی نیشتمانیو دیفاع کردنە لەبەرژەوەندی چینایەتی خۆپەرستانە .

یەکیتیەکی پتەو هەیە لەنێوان مەسەلە ناسیونالی ئینتەرناسیونالیەکان ، کەناتوانرێ بەشێوەیەکی میکانیکیانە لێکێ جیابکرینەوە، ئەو یەکێتیە پتەوەش خۆی لەوەدا ئەبینێتەوە کە ئامانجە سەرەکیەکانی خەباتی چینایەتی پرولیتاریا بەند بەبەدیهینانیئەو ئامانجانە بەشێوەیەکێ سەرکەوتوانە لەوولاتێکی دیاریکراوو کاتێکی دیاریکراودا ، واتە لەزەمان و زەمینی دیاریکراودا .

تێگەیشتنی راست لەپەیوەندی دیالیکتیکیانەی هەردوولای مەسەلەکە، واتە هەردوو رووی ململانێی چینایەتیخەباتی پرولیتاریا یەکێکە لەمەسەلە هەرە گرنگەکان کەرووبەروی هێزە شۆرشگێرەکانی دنیا ئەبێتەوە لەم سەردەمەدا .. بەتایبەتی لەسایەی بارودۆخی ئیستای شۆرشی رزگاری نیشتمانی، وە لەسایەی هاوئاهەنگی بەرژەوەندییە بنەرەتیەکانی جوولانەوەی رزگاری نیشتمانی بەرژەوەندیەکانی جوولانەوەی کریکارانی دنیا .

یەکێکێ لەسەرووەریەکانی بیروباوەری مارکسیزم ـ لینینیزم بریتیە لەوەی بەشێوەیەکی زۆر زانستیانە دەستنیشانی پەیوەندی ئۆرگانیکی نێوان ئەرکە نیشتمانی نەتەوەییەکان و ئەرکە ئینتەرناسیونالیەکانی کردووە.. لەناوەراستی سەدەی رابووردودا لەیەکێکێ لەبەلگەنامە تیۆرییە گرنگەکاندا ، (کەمانیفیستی کۆمونیست) بوو مارکس و ئەنگلز زۆر زانایانە سنووری ئەو پەیوەندییەیان نەخشەکێش کرد کە لەنێوان مەسەلەی نیشتمانی ناسیونالیو ئینتەرناسیونالی خەباتی پرولیتاریادا هەیە ..

دروشمی (ئەی کریکارانی دنیا یەکگرن!) چرکراوەیەکی کورتی ئامانجەها وبەشەکانی پرولیتاریای دنیا بوو (مانیفیستی کۆمونیست) کەگرنگترین بەلگەنامەی تیۆری بوو، بەشێوەیەکی هەستپێکراو هولانەوەی خەبات و جۆری دەرکەوتن و گەشەکردنی شیکردەوە.. لەکاتێکدا کەدووپاتی لەسەر یەکیتی ئامانجە گشتیەکانی پرولیتاریا کردۆتەوە لەپێناوی نیشکانی سیستەمی سەرمایەداری، وەکو ئەرکی سەرشانی چینی کریکار.. لەهەمان کاتدا (مانیفیسبت) ئەو راستیەی رۆشن کردۆتەوە، کەئەو ئەرکەو بەجیهێنانی، سەرەتا بەزاڵ بوونی بەسەر بۆرژوای ناوخۆدا دەست پێ ئەکات، واتە خەباتی پرۆلیتاریا بەرگی نیشتمانیو ناسیونالی ئەپۆشێ بۆ بالادەستیو زاڵ بوون بەسەر بۆرژوای ناوخۆدا، وەبەبێ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە زۆر زەحمەتە باسی سەرکەوتن بەسەر سیستەمی سەرمایەداری جیهانیدا بکرێت..

هەر لەم بارەیەوە، ئەنگلز بەووردبینیەوە ئەو راستیە بەیان ئەکات کە (سەربەخۆیی نیشتمانی بنچینەی هەموو هاوکاریەکی ئینتەرناسیونالیە) واتە بۆ ئەوەی بەراستی هاوکاری ئینتەرناسیونالی بێتەکایەوە، زۆر گرنگە مەسەلەی رزگاری و سەربەخۆیی نیشتمان لەریزی پیشەوەی ئەرکەکان بێت.. ئەم گوتە بەنرخەی ئەنگلز لەرەتدانەوەی ئەو کەسانە بوو، کەوایان بیر ئەکردەوە (سەربەخویی نیشتمان لەدیدو بۆچوونی ئینتەرناسیونالیەوە مەسەلەیەکی پلە دووە).

## مەسەلەی نیشتمان و جیهان و تێگەیشتن لە بایەخی هەریەکەیان

زۆر جار کەباس دێتە سەر مەسەلە نیشتمانیو نەتەوەیی و ئینتەرناسیونالیەکان، وەسیاسەت و هەلوێستی رێکخراوو حیزبێکی (م . ل) لەو مەسەلانەدا.. لەوانەیە ئەو پرسیارە بێتە پێشێ، کە ئایا سیاسەتی راستئەوەیە لەمەسەلە نیشتمانیو نەتەوەیی‌یەکانەوە بچینە مەسەلە جیهانیو ئینتەرناسیونالیەکان، یاخود بە پیچەوانەوە لەمەسەلە گشتیەکەوە بێینەوە سەر مەسەلە تایبەت و تاکەکە؟!

بەلام لەحەقیقەتدا مەسەلەکە بەو جۆرە نی‌یە، ئەگەر لەو قالبەشدا باسی لێوە بکرێت کەمەسەلەکان ئەبێ بەپلەی یەکەم لەنیشتمانەوە دەست پێ بکات پاشان جیهان، یاخود بوترێ مەسەلەی نەتەوایەتی شتێکی ناوخۆییەوەو مەسەلەی ئینتەرناسیونالی شتێکی دەرەکی..

دیارە ئەو جۆرە بۆچوونانە، چەوت و زەرەرمەندن و دوورن لەبیروباوەری مارکسیزم - لینینیزم.. چونکە لەئەساسدا هیچ ناکوکییەک نی‌یە لەنێوان ئەرکەکانی حیزبێکی (م.ل) لە مەسەلە نەتەوایەتیو ئینتەرناسیونالیەکاندا، ئەگەر بێت و ئەو حیزبە

هەلویستی راستەقینەی لەسەر ئەساسی پەیوەندی ئورگانیکی هەردوو لایەنی مەسەلەکە بینا بکات .. لەبەرئەوەی بیروباوەری نەتەوایەتی راستەقینە لەناو جولانەوەی کریکاری دا ، .لەهەمان کاتدا بریتیە لەبیروباوەری ئینتەرناسیونالی راستەقینە ، .هەروەک ئەنگلز ئەلێ .

ئەو گرنگیو بایەخەی بەخەباتی نیشتمانی ئەدرێت ، تەنها لەبەر گرنگی ئەو خەباتە نیە لەچوارچێوەی نیشتمان دا ، بەلکو کۆلەکەیەکی پتەوو راستەقینەی خەباتی ئینتەرناسیونالیەو جوگەیەکی ئەساسی شۆرشی جیهانیە .

هەروەک لینین ئەلێ: ((ئینتەرناسیونالیزم بەفعلی، بریتیە لەیەک شت : کارکردنی چالاکانە بۆ گەشەپیدانی جوولانەوەی شۆرشگیرانە لەهەر وولاتێک بەتەنیا ، وەپشتیوانی کردنی نموونەی ئەم خەباتەو ئەم جۆرە رێبازە لەرووی (پرۆپاگەندە ، مەعنەوی ، مادی)یەوە وەدەقاودەق هەر ئەو پشتیوانی کردنەی لەهەر وولاتێک لەهەموو وولاتاندا بەبێ جیاوازی .. وەغەیری ئەوەهەلخەلەتاندنە )

هەر بۆیە کارێکی ستەمو بوچوونێکی چەوتە ، بەشێوەیەکی حسابیانە بروانرێتە مەسەلەکە ، بەو واتایەی بوترێ کامیان بە پلەی یەکەم ، یاخود لەپێش ئەویتریانەوە دائەنرێ ؟! چونکە تێگەیشتن بەو جورە میکانیکیە لەمەسەلەی ( ناسیونالیو ئینتەرناسیونالی ) هەر بەرەو هەلدێری لادان ئەروات ، یان بە ئیتجاهی کوسموپولیتی (نانیشتمانی، ئینکارکردنی خاسیەتە نیشتمانیو نەتەوایەتیەکان) یاخود بەئیتجاهی دەمارگیری نەتەوایەتی ...

تێگەیشتنی قوول لەپەیوەندی نێوان هەردوو لایەنی مەسەلەکە ، وای لەمەسەلەی نەتەوایەتی کرد (بەتایبەتی لەسەردەمی لینین) دا کەئەم مەسەلەیە زیاتر گەلالە بکات ، بەجۆرێ لەگەل هەلوێستی راستەقینەی مارکسیزمدا بگونجێ لەسەردەمی ئیمپریالیزمدا ... بایەخدانی لینینیزم بەمەسەلەی نەتەوایەتی لەسەردەمی ئیمپریالیدا مەسەلەکەی لەچوارچێوەی تێگەیشتنی بورژوازی نەتەوەیی دەرهاویشت و لەچوارچیوەی پەیوەندی ئورگانیکی بەمەسەلەی ئینتەرناسیونالییەوە دارشت ، لەو روانگەیەوە کە (نیشتمان پەروەری راستەقینە ئینتەرناسیونالیستی راستەقینەیە ) .

سەردەمی نابووت بوونی ئینتەرناسیونالیستی دووەم ، لەلایەن بەلشەویکەکانەوە بەرهەمێکی فیکری و تیۆری فراوان بەدەرکەوت سەبارەت بەتیگەیشتنی زانستیانە بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی ، هەر لەو سەردەمەدا دروشمی (مافی نەتەوەکان لەبریاردانیچارەنوسیاندا) بووە یەکێک لەنایتلە هەرە بەناوبانگەکانی ئەو مەسەلەیە ، کە تێیدا کارامەییو تێگەیشتنی قولی تیۆری لینینی تیا دەرکەوت سەبارەت بەرو نکردنەوەی ناوەرۆکی دیالکتیکیانەی پەیوەندی نێوان مەسەلەی نەتەوایەتیو ئینتەرناسیونالیستی پرولیتاری . هەروەها ئیکردنەوەی لینین بۆ بالاترین قۆناغی سەرمایەداری

---

١ـ ( لینین: موضوعات نیسان، دار التقدم موسکو١٩٦٩، ص ٥٥

(ئیمپریالیزم)، وەلێکولینەوەکانی لەسەر سیستەمی سەرمایەداری و بارودوخی روسیای ئەو کاتە، ئەو تیگەیشتنە مەزنەی لەلا ساغ کردەوە سەبارەت بەیاساکانی گەشەکردنی لەیەکنەچوو و جوراوجور لەنیوان وولاتە سەرمایەداریەکاندا، وە نیشانەیەکی گرنگ بوو بۆ ئیمکانیەتی سەرکەوتنی شۆرشی سوسیالیستی لەیەک وولاتدا.

دیارە ئەم بۆچوونەی لینین، وەنەبێ لەتێگەیشتنێکی نەتەوەیی روسیانەوە بووبێ، بەلکو لەو راستیەوە هەلیهێنجا بوو، کەسەرکەوتنی شۆرش لەوولاتێکی دیاریکراودا، کەخاوەنی پێویستیەکانی سەرکەوتن بێ، ئەبێتە مەلبەندێکی شورشگێری، کەبەشداری فعلی ئەکات لەپیشکەش کردنی یارمەتی (پروپاگەندەیی، مەعنەوی، مادی) بۆ خەباتی هەموو گەلان.

هەر بۆیە ئەو تێگەیشتنە قوولٚ و روونە لەپەیوەندی ناسیونالیو ئینتەرناسیونالی دەورێکی گەورەی هەبوو لەهەلوێستی راستی لینین بەرامبەر جەنگی جیهانی یەکەمو نەیهێشت حیزبی بەلشەویک لەگەلٚ تەیاری هەلپەرستی ناو ئینتەرناسیونالیستی دووەم بەرەو لادان هەلبخلیسکیو پشتیوانی لەجەنگی بورژوازیەت بکەن، لەژێر دروشمێکی ساختەداو بەناوی (بەرگری لەنیشتمان)ەوە.

هەلوێست وەرگرتن لەوجەنگە نارەواو ئیمپریالیستیە، چاکترین پێوانە بوو بۆ ناسینی هەلوێست لەمەسەلەی نەتەوایەتی.. بەتایبەتی لەزروفێکدا کەبورژوازیەت هەموو توانای ئیعلامی خۆی خستبوە گەر بۆ ووروژاندنی نزمترین و سووکترین غەریزەی نەتەوایەتی دژی گەلان و نەتەوەکانی تر.. وەهەر ئەو جەنگەش دوا رووپوشی لەسەر هەلپەرستی زۆربەی حیزبەکانی ناو ئینتەرناسیونالیستی دووەم هەلمالی کەبەرەو زەلکاوی بورژوازیەت هەلخلیسکان و خیانەتیان لەمەسەلەی شۆرش کرد.

هەر لەو کاتەدا بەلشەویکەکان دروشمی ساختەی ئەوحیزبانەیان ریسوا کرد، کەپشتیوانیان لەبورژوازیەت دەکرد لەجەنگەکەدا.. وە لەبەرامبەر هەلوێستی خیانەتکارانەی ئەو حیزبانە، بەلشەویکەکان داوای ئەوەیان دەکرد، کەپێویستە کەلک لەو جەنگە ئیمپریالیستیە وەربگیرێ، بۆ گۆرینی بەجەنگی ئەهلی، کەچینی کریکارو هاوپەیمانەکانی بەرپای بکەن و دەسەلات بگرنە دەست.. هەر بۆیە لە ئۆکتوبەری ١٩١٧دا بەشێوەیەکی عەمەلی ئەو نەخشەیەیان جێ بەجێ کردو دەسەلاتی حوکمیان گرتە دەست و شۆرشی سۆشیالیستی مەزنیان لە روسیای ئەو کاتەدا راگەیاند.

## رێکەوتنی (بریست لیتوفیسک) و خەباتی لینین دژی هەلپەرست و خۆبەشۆرشگێرزانەکان

پاش ئەوەی بەلشەویکەکان لە رابەرایەتی کردنیاندا بۆ خەباتی جەماوەری گەلانی روسیای ئەوکاتە، سەرکەوتوانە دەسەلاتی حوکمیان گرتە دەست، مەسەلەیەکی تری گرنگ هاتە کایەوە، کە ئەویش بریتی بو لەو مەترسیە گەورەیەی لەسەر ولات بو، واتە پاراستنی وولات و شۆرشە مەزنە تازە سەرکەوتوەکەی ئۆکتۆبەر، لە پەلامار وگەمارودان و هەرەشە و گورەشە و هێرشی دەرەکی.

هەر بۆیە دوای ئەو سەرکەوتنە مەزنە، سەرلەنوێ مەسەلەکە هاتەوە باسکردن، بەتایبەتی کاتی لێدوان لەسەر ڕێککەوتنی (بریست لیتوفسک) کە بریتی بو لە مۆرکردنی پەیمانی ڕێککەوتن لە مابەینی ڕوسیای سۆڤیەتی لەلایەک، لەگەڵ وڵاتە سوێندخورەکانی (ئەلمانیا، نەمسا - مەجەر، بولگاریا، تورکیا) لەلایەکی ترەوە.... ئاشکرایە ئەو ڕێکەوتنامەیە لە ٣ی ئازاری ١٩١٨ مۆرکرا، دوای ئەوەی ڕوسیای سۆڤیەتی، ناچار بو لەژێر باری گرانی ئەو زروفە ناخۆشە و ئەو مەترسییەی لەسەر شۆڕش و وڵات هەبو، مەرجی زۆر نارەوای ئەو وڵاتانە قبوڵ بکات، لەبەر ئەوەی پاراستنی وڵاتی سۆڤییەت و شۆڕشەکەی زۆر بایەخدار تر بو، کە بە ناچاری قبوڵ کردنی ئەو مەرجانە لە ئەستۆ بگرن.

دیارە مەسەلەی ئەو ڕێکەوتنە و ئەو لێدوانانەی لەسەری ڕوی دا، کێشەیەکی دروستکرد، سەبارەت بەوەی چۆن ڕێککەوتنێکی ئاوها لەگەڵ ئەو وڵاتانە مۆر بکری، کە کارتێکردنێکی سەلبی ئەبی وە بە زەرەری بەرژەوەندییەکانی پرولیتاریای جیهان تەواو ئەبێت!

لینین لەم ڕووەوە خەباتێکی سەختی کردو لەروبەروبونەوەیەکی توندوتیژا بو، بۆ دەرخستن و ریسواکردنی بۆچونی ئەو کەس و تاقمە هەڵپەرست و سەرکەشانەی کە لە پەیوەندی ئەرکە نەتەوایەتی و ئینتەرناسیونالییەکان نەگەیشتبون ... لەو کاتەدا تاقمێک کە بەخۆیان ئەوت "سوشیالیستە شۆڕشگێرە چەپەکان" دژی ئەو ڕێکەوتنە وەستابون، بەو بیانووەی کە شۆرشی جیهانی گرنگترە، تەنانەت دروشمی پاراستنی شۆڕشی سۆسیالیستی سەرکەوتویان بە خیانەت لە مەسەلەی ئینتەرناسیونالی ئەدایە قەلەم.

ئەو بۆچونە چەوتانەی "سوسیالیستە شۆڕشگێرە چەپەکان" خۆی لەبەردەم ڕاستی و دروستی بۆچونەکانی حیزبی بەلشەویکدا نەگرت و ریسوابو، لەبەر ئەوەی لەو پەیوەندییە دیالیکتیکییە نەگەیشتبون کە لە نێوان فاکتەرە دەرەکی و ناوخۆییەکانی شۆڕشی سوسیالیستیدا هەیە... لەوە نەگەیشتبون کە گوێزانەوەو هەنگاونان لەنیشتمانی و نەتەوەیی بۆ ئینتەرناسیونالی سروشتیکی دیالیکتیکی و پەیوەندی یەکی ئۆرگانیکی هەیە.

دیارە ئەو ڕاستیە ڕۆشنە، کەبارودۆخی هەموو وڵاتان وەک یەک نیەو، ناکرێ لەسەرئاستی هەموو وڵاتان یەک جۆرە سیاسەت پەیرەو بکرێت بۆ سەرکەوتنی شۆڕش و پاراستنی دەسکەوتەکانی.. لەهەمان کاتدا ئیمکان نییە جولانەوەی شۆڕشگێرانەی پرولیتاریای جیهان لەوڵاتانی جیاوازدا، لەسەر یەک شێوەو بەهەنگاوی لەیەک چوو وەک یەک لەرەوت و برەودا بێت.

هەر بۆیە لینین کاتێک داوای پاراستن و بەرگری لەنیشتمانی سۆسیالیستی ئەکرد، لەتێگەیشتنی قوولیەوە بوو بۆ مەسەلەی نیشتمانی نەتەوەیی و پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، بەبێ ئەوەی ئەو لایەنە فەرامۆش بکات کەسەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی لەروسیای ئەو کاتەدا، گەورەترین خزمەت پێشکەش بەهێزە شۆڕشگێرەکانی جیهان ئەکات.. لەرووی ئەوەی کەروسیای سۆڤیتی بوە ئەو بنکە شۆڕشگێرییە بەهێزەی بووە پشت و پەنا و یاریدەدەری



هەواڵنامەی کتێب

کرۆپە شۆرشگێرەکان بەشێوەی فعلیو جۆرا وجۆر .
وە لەنا خۆشترین زروف دا ، کەروسیای سۆڤیتی لەبەزروفی گەما رۆدانی جەنگی ئیمپریالیستیدا بوو، پشتیوانی تەواوی لە شۆرشی – مەجەر – کرد، بەو هەلوێستەشی جەعەمەلی سەلماندی کە حیزبی بەلشەویکێ بەراستی لەگەڵ مەسەلەی ئینتەرناسیونالیدایە ، هەروەکێ چۆن خۆی لەمەسەلەی نیشتمانی نەتەوەیی روسیای سۆڤیتی دوورە پەرێز ناگرێ . وە لەنالەبارترین کاتدا سەلماندی کە بەراستی ئینتەرناسیونالیین .. هەروەکێ لینین ئەیووت :
((ئینتەرناسیونالیستئەو مرۆڤە نییە سوێند بخوا کە ئینتەرناسیونالیستە، بەلکو تەنها ئەوەی بەعەمەلی خەبات بکات دژی بورژوایەکەی ، دژی شۆڤینیەتی سۆسیالیستەکان دژی کاوتسکییەکانی)) [1].
بەهێزی هاوکاری ئینتەرناسیونالی بەلشەویکەکان و راستی و دروستی هەلوێستەکانیان لەوەدا دەرکەوت ، کەچۆن بەشێوەیەکی خولقینەرانەو زانایانە گەشەیان بەدروشمی ((ئەی کریکارانی دنیا یەککرن!)) داو لەسالی ۱۹۲۰ بووە دروشمی((ئەی کریکاران و گەلانی چەوساوەی دنیا یەککرن!)) بەو واتایەی نوێنەرایەتی تەنها بۆ پرۆلیتاریا نیە بەتەنیا ، بەلکو بۆ هەموو گەلانی چەوساوەو ژێردەستەشە، هەروەکێ لینین خۆی مانای دروشمەکەی باسکردوە.

## مارکسیست – لینینیستەکان و هەستی نەتەوایەتی

هەندێ جار کەباس لەهەستی نەتەوایەتیو ئینتما بۆ نیشتمان و نەتەوە ئەکرێ ، کەسانی وا هەیە پێیان شەرمو نەنگیە ئەو هەستو شعورە دەربرن و، بەلایانەوە شتێکی ناکۆکێو دژ بەبەگیانی ئینتەرناسیونالیستیە .. وە جاری وا هەیە پرسیاری بێ سەرو بەر لەخۆیان و خەلکی تر ئەکەن ، کەئاخۆ ئەشێ خەباتگێرێکێ مارکسیست – لینینیست بێو هەستو شعورێکی ئاوهای هەبێ بەرامبەر نەتەوەو نیشتمان و دیفاع لەمەسەلە نیشتمانیو نەتەوایەتیەکان بکات ؟!
وەئاخۆ ئەشێ کەسێکی (م.ل) باسی رەسەنی نەریتو فەرهەنگێ و کەلەپووری نەتەوایەتی بکاو فەخری پێوە بکات ؟! یان ئەبێت تەنها باسی سەروەرییەکانی خەباتی چینی کرێکاروخەباتی ئینتەرناسیونالی بکاتو هەرچی پەیوەندی بەکەلەپووری نەتەوایەتیەوە هەیە لەمێشکی خۆیدا بیسریتەوەو خۆی بەگیانی ئینتەرناسیونالی پەروەردە بکات !
ئەو جۆرە بۆچوونانە نەکێ هەر چەوتو زەرەرمەندن ، بەلکو لەهەمان کاتدا نیشانەی تێنەگەیشتنە لەروحی زیندووی فەلسەفەی مارکسزم – لینینیزم، تێنەگەیشتن لەپەیوەندی ئۆرگانیکی لایەنی ناسیونالیو ئینتەرناسیونالی.. مارکسیست – لینینیستەکان بە فەخرەوە باسی نیشتمان و نەتەوە ئەکەن و پشت بەو کەلەپوورە

---

[1]- ( لینین: فی الاممیە البرولیتاریە، دار التقدم، موسکو- ص ۱۰۵)

پێشکەوتوانەیە ئەبەستن کەکاروانی خەباتی رزگاری بەرەو پێشەوە ئەبات ، وەهەردەم خۆشەویستیو ئیعتیزاز کردن بەکەلەپووری نەتەوایەتی پێشکەوتنخوازانەی گەلەکەیان بەئەرکی سەرشانیانی ئەزانن . بەشانازییەوە رووی گەش وپرشنگداری سەروەرییەکانی خەباتی نەتەوەکەیان باس ئەکەن .

لینین کاتی خۆی لەم روەشەوە لەگەڵ ئەو کەسانە رووبەروو ئەبووە کە بەپێچەوانەو چەوتی لەم مەسەلەیە گەیشتبوون ، وەئەو دیفاع کردنەی لە ((کەرامەتی نەتەوەی روس)) لەوەوە نەبوو کە لینین کەسێکی نەتەوەییو دیفاع کردنەکەشی لە ((کەرامەتی نەتەوەی روس)) بەرەو دەمارگیری نەتەوایەتی بردبێ .. بەڵکو لەتێگەیشتنی قووڵیەوە بوو بۆ حەقیقەتی مەسەلەی ناسیونالی ئینتەرناسیونالییەکان .. لەم روەوە ئەیوت کۆمۆنیستەکان ((خاوەر کەرامەتی نەتەوەیی بەرزن ، هەر بۆیە زۆر رقمان لەو ملکەچی ژێرچەپۆکیەی رابوردوومان ئەبێتەوە... وەزۆر قێزمان لەو ملکەچی ئیستامانە... کۆیلەیەک لۆمە ناکرێ گەر بەکۆیلەیەتی لەدایک بێ بەلام ئەو کۆیلەیەی نەیەوێت سەربەست بێو ، لەسەروو ئەوەو پاکانەی کۆیلەیەتیەکەی بکات و بیرازێنێتەوە.. ئەم جۆرە کۆیلەیە سووک و بێ قیمەتە ، وەبەڕاستی هەستی کینەو بێزاری وتێ لێبوونەوە ئەبزوێنێ)) [1].

## تێبینیەکی پێویست لەسەر دەمارگیری نەتەوایەتی

ئەو پەیوەندییە هاوشانو هاوئاهەنگییە لەباس کردنیمەسەلەی نیشتمانی نەتەوایەتی لەتێگەیشتنیکی ئینتەرناسیونالیانەوە پرسیاریک دێنێتە کایەوە.. کەئایا چۆن بروانینە یەکێک لە دیاردەکانی مەسەلەی نەتەوایەتی، کاتێک لە ململانێو خەباتی رزگاری نیشتمانیدا شێوەو دیاردەی دەمارگیری نەتەوایەتی بەخۆیە وەرئەگرێ .

دیارە ئەم دیاردەیە شتێکی ئاساییە گەر لەقۆناغێکی رزگاری نیشتمانیدا دەربکەوێ ، فیکری مارکسیزم - لینینیزم ئەو حالەتەشی بەروونی باس کردووە ، کەپێویستە هەلوێستی مێژوویی دیاریکراو هەبێ بۆ ئەو واقیعو بارودۆخە دیاریکراوەو ، چۆنیەتی بەدەرکەوتن و سەرهەلدانی ئەو مەسەلەیە لەزەمان و زەمینی خۆیدا واتە شیکردنەوەی تایبەت هەبێ بۆ ئەو حاڵەتە دیاریکراوە.. نەوەک بەشیوەیەکی ووشک و دابراوانە سەیری مەسەلەکە بکرێ و لە تێروانینێکی میکانیکیەوە شیبکرێتەوە .

رژێمی کۆلۆنیالیو پاشان ئیمپریالیستی پەیوەندی پاشکۆیەتی وابەستەیی بەسەر زۆر لەوولاتانی کۆلۆنیو نیمچە کۆلۆنی سەپاندووە.. ئەو پەیوەندیيانەش دەوری کاریگەری هەبووە لە

---

١- ( لینین: المختاراته بصدد کرامه الروس القومیه ،دار التقدم موسکو ١٩٦٩ - ص ٢٨٢

سەرهەلدانی جوولانەوەی نەتەوایەتی دژ بەداگیرکەران .. وەهەر بەهۆی زولم و ستەمی داگیرکەرانەوەو لەناو ململانێی دژ بە هێزە کۆلۆنیالییەکان ، دیاردەکانی دەمارگیری نەتەوایەتی نەتەوەیەکی چەوساوە سەری هەلداوە .

واتە سەرهەلدانی دیاردەی دەمارگیری نەتەوایەتی میللەتیکی چەزساوە کەخەبات دژی چەوساوەو ستەمی داگیرکەران ئەکات ، پێویستە بەچاوێکی تر سەیری بکرێت ، کەجیاواز بێت لەدەمارگیری نەتەوایەتی، نەتەوەی چەوسێنەرو زۆردار، وەجیاواز بێ لەنەزعەی کۆمەل گەری و رەگەزپەرستی .

مارکسیزم - لینینیزم بەووردی تێبینی ئەم حالەتەی کردووەو جیاوازی کردووە لەنێوان شێوەی یەکەم و دووەمی ئەم دیاردەیە ، بەلام هەرگیز ئەم جیاوازی کردنە ئەوە ناگەیەنێ کەریزلێنان و تەقدیس بێ بۆ دەمارگیری نەتەوایەتی میللەتی چەوساوە، بەلکو بریتیە لەتیروانینی زانستیانە بۆ دیاردەکانی سەرهەلدان و دەرکەوتنی ئەم مەسەلەیە . هەر وەکوو لینین ئەلێ: ((مارکسیستەکان تێدەگەن، کەدەمارگیری نەتەوایەتی دیاردەیەک نییە لەدەرەوەی چینەکان و، ئایدیۆلۆژیەتیک نیە لەسەرو چینەکانەوە... دەمارگیرییەکی نەتەوایەتی هەیە دژ بەکۆلۆنیالی و دژ بە دەرەبەگایەتی، پەیوەندی دارە بەجوولانەوەی رزگاری نیشتمانی دیموکراتی،کەتا رادەیەک دەورێکی پیشکەوتوانە ئەبینێ ، وە دەمارگیرییەکەی نەتەوایەتی هەیە کەدژی مارکسیزمە ، دژی سوسیالیزم و دەوریکی کۆنەپەرستانە ئەبینێ ولەگەل دوژمنایەتی کردنی کومونیزمدا یەک ئەگرێتەوە ، لەنێوانیشیاندا دیوارێکی بێدەنگ نیە ، هەندێ جار تیکەل بەیەک ئەبن)) [1].

هەر لەم بوارەدا چاکتر وایە بوترێ ، کەپێویستە جیاکردنەوە هەبێ لەنیوان ئیعتزاز کردن بەهەستی نیشتمانی و کەرامەتی نەتەوایەتی، لەگەل دەمارگیری نەتەوایەتی. بەتایبەتی کە خۆشەویستی نیشتمان و ئیعتزاز کردن بەکەلەپووری نەتەوایەتی پیشکەوتوانەی گەل، هەردەم جێی ریزو تەقدیری مارکسیست - لینینیستەکانەو لەهەموو کەس زیاتر بەتەنگی پێش خستنیەوەن .. لەو روانگەیەوە کەهەبوونی هەستی بەرز بەرامبەر گەل و نیشتمان هویەکی هاندەرە بۆ خەباتی شورشگیرانەو پەیوەندی ئۆرگانیکی هەیەو هاوشانە لەگەل هەست و ئەرکی ئینتەرناسیونالی .

## مارکسیست - لینینیستەکان نیشتمانین
## بەو رادەیەی ئینتەرناسیۆنالیستن

هەردەم کەس و ریکخراوە (م.ل)کان بەوە ئەناسرێن ، کە بەشێوەیەکی داهێنەرانەو خولقێنەرانە کەلک لەکەلەپووری

---

١- ( لینین: فی القضیه القومیه ، دار ابن الولید-١٩٥٨- ص ٧٣-٧٤ )

مارکسیزم ـ لینینیزم وەرئەگرن و، لەگەڵ بارودۆخی هەست پێکراوی وولاتانی خۆیاندا ئەیگونجێنن و، لەخەباتیاندا بو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان هەلوێستی مەسئولانە ئەگرنە بەر بەرامبەر ئەرکی نیشتمانیو گیانی ئینتەرناسیونالی پرولینا ری پەیرەو ئەکەن، تا رەگ و ریشەی قوول لەناخی خاکی نیشتمان دا داکوتێ.

دیمتروۆف لەم بارەیەوە ئەڵێ: (( شێوە نیشتمانیەکانی خەباتی چینایەتی پرولیتاریاو جوولانەوەی چینی کریکار، لەهەر وولاتیکدا بەتەنها، ناکۆکی نییە لەگەڵ ئینتەرناسیونالیدا بەلکو بە پێچەوانەوە، بەرژەوەندییە ئینتەرناسیونالییەکانی پرولینا ریا ئەتوانرێ لەریگەی ئەو شێوانەشەوە بەرزبکرێتەوە... شۆرشی سوسیالیستی ئەیسەلمێنێ کەتوانای رزگارکردنی نەتەوەی هەیە، ئەو کات بەفراوانی ریگە ئاوەلا ئەبێ بەرەو ترۆپکی پیشکەوتن))[1].

دیارە سەرکەوتویی سیاسەتی هەر حیزب و ریکخراویکی ( م . ل ) بەندە بەسەرکەوتنەکانیەوە لەوولاتەکەیداو، سەبارەت بەچالاکیەکانی بەرپرسیارە لەبەردەم چینی کریکارو گەلەکەیداو، بەرپرسیارە لەبەردەم چینی کریکاری جیهان.. ئەرکە نیشتمانی و ئینتەرناسیونالیستەکان بەهیچ شێوەیەک لەیەک جیاناکرێتەوە. چونکە مارکسیست ـ لینینیستەکان نیشتمانیین بەو رادەیەی ئینتەرناسیونالیین. دژی ئەسك بینی نەتەوەیین و بەرپەرچی هەر کەم کردنەوەیەک ئەدەنەوە سەبارەت بەبەرژەوەندییە نیشتمانیەکان.

دوا ووشە، پێویستە بڵێین، کەهەڵاتن و بێ باک وەستان سەبارەت بەئەرکە ئینتەرناسیونالیەکان، بەو بیانوەی ئەرکە نیشتمانی نەتەوەییەکان لەپێشترن. هەروەها هەڵاتن و خۆدزینەوە لەئەرکە نیشتمانی نەتەوایەتیەکان لەژێر پەردەی بوچوونی ئینتەرناسیونالیانە.. دوو تێگەیشتن و هەلوێستی حەوتو زەرەرمەندن، دژ بەگیانی زیندووی مارکسیزم ـ لینینیزمە، وەبریتین لەدوو رووی یەک مەسەلە، بەجیاوازی شێوەکانیەوە. کەتەعبیر لەلادان و هەلخلیسکان ئەکات بەرەو بۆچون و زەلکاوی بۆرژوازیەت.

" کۆتایی "

---

[1]ـ( لە : مطارحات مارکسیه، من منشورات الحزب الشیوعی الفلسطینی ـ بیروت ١٩٨٢ وەرگیراوە) .



هەواڵنامەی کتێب

ئەو سەرچاوانەی بۆ ئەم باسە کەڵکیان لێ وەرگیراوە .

١- کارل مارکس ، فردریک انگلز - البیان الشیوعی .
٢- لینین : المختارات - حق الامم فی تقریر مصیرها .
٣- لینین : حرکه شعوب الشرق الوطنیه التحرریه .
٤- لینین : المختارات ، بصدد کرامه الروس القومیه .
٥- لینین : افلاس الامیه الثانیه .
٦- لینین : موضوعات نیسان .
٧- مطارحات مارکسیه ، من منشورات الحزب الشیوعی الفلسطینـــی، ١٩٨٢ .
٨- لینین : فی القضیه القومیه ، دار ابن الولید ١٩٥٨ .
٩- لینین : مصادر المارکسیه الثلاثه واقسامها المکونه الثلاثه .
١٠ - بەرنامەی هەندی لە حیزبە کومنیستەکان .

هەواڵنامەی کتێب

... جولانەوەی رزگاری نیشتمانی لەنا و جولانەوەیەکی فراوانترەوە سەرهەڵئەدا و بەدەر ئەکەوێ ، کە ئەویش جولانەوەی ململانێی چینایەتییە لە سەر زەمینەیەکی نەتەوایەتی .. چونکە ئیمکانی نییە ململانێی چینایەتی لە دەرەوەی چوارچێوەی واقیعدا بونی هەبێ .

... هەڵاتن و بێباکوەستان سەبارەت بە ئەرکە ئینتەرناسیۆنالییەکان ، بەو بیانوەی ئەرکە نیشتمانی نەتەوەییەکان لە پێشترن .. هەروەها هەڵاتن و خۆ دزینەوە لە ئەرکە نیشتمانی و نەتەوایەتیەکان لەژێر پەردەی بۆچونی ئینتەرناسیۆنالیانە .. دوتێگەیشتن و هەڵوێستی چەوت و زەرەرمەندن ، دژ بە گیانی زیندوی مارکسیزم ـ لینینیزمە ، وە بریتین لە دو روی یەك مەسەلە ، بە جیاوازی شێوەکانیەوە ، کە تەعبیرلە لادان و هەڵخلیسکان ئەکات بەرەو بۆچون و زەلکاوی بورژوازیەت .

لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان